# خوای گەورە -عز وجل- دەستی ڕادەخات بە شەو بۆئەوەی گوناهکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، ودەستی ڕا دەخات بە ڕۆژ بۆئەوەی گوناهکارانی شەو تەوبە بکەن؛ هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە -عز وجل- دەستی ڕادەخات بە شەو بۆئەوەی گوناهکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، ودەستی ڕا دەخات بە ڕۆژ بۆئەوەی گوناهکارانی شەو تەوبە بکەن؛ هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە تەوبەکردنی بەندەکانی قبوڵ دەکات، ئەگەر بەندە گوناهێك بکات لە ڕۆژدا ولە شەودا تەوبە بکات ؛ خوای گەورە تەوبەکەی قبوڵ دەکات، وئەگەر بەندە گوناهێك بکات لە شەودا ولە ڕۆژدا تەوبە بکات ؛ خوای گەورە تەوبەکەی قبوڵ دەکات، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەستی ڕادەخات بۆ تەوبە کردن ؛ وەکو ئاسوودەیی وڕازی بوون لێی، بەردەوام دەرگای تەوبە کردن کراوەیە هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە دەردەچێت ؛ ئەمیش کاتێکە کە فەرمان دەکرێت بە کۆتایی هاتنی دونیا، ئەگەر خۆر لە ڕۆژئاواوە دەرچوو ؛ دەرگای تەوبەکردن دادەخرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4318